## بۆکان لە ئەمرۆ و لە مێژوودا (٤)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

## باسێک لە سەر حەوزە عیلمیەکانی ناوچەی بۆکان و کۆرتەیەک لە سەر حاجی بابەشێخی سەیادەت!

نووسینی سەیید عەبدولرەحمان سەیادەت




حاجی سەیید عەبدولکەریمی زەمبیل باوکی حاجی بابەشێخ کوڕی شێخ عەبدورەحمانی کانی توو ئەویش کوڕی شێخ محەمەدی تەڕ تەوەن بوو کە گوندێکی سەر بە ناوچەی پێنجوێنە. کانی تووش ناوی گوندێکە سەر بە ناوچەی هەڵەبجە. حاجی سەیید عەبدولکەریم بە دوازدە پشت دەگەڕێتەوە سەر زانای پایەبەرز سەیید ئەبووبەکری موسەنیفی چۆڕی کە لە گوندی چۆڕی مەریوان ژیاوە . سەیید عەبدولکەریم لە تەمەنی مێرمنداڵی دەنێردرێتە لای مامۆستایانی ئایینی و خوێندنی عەرەبی و قورئان دەست پێدەکا پاش ماوەیەک بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە تەوێڵە کە ماڵی خوشکی لەوێ بووە . لەحوجرە یا مەدرەسەی ئەوێ لە لای مەلا نەزیر مودەڕیسی ئەو قوتابخانەیە بەشێکی زۆر لە خوێندنی دەورەی سەرتایی و قورئان تەواو دەکا. بە هۆی مانەوەی لە تەوێڵە وردە وردە کەسایەتی عیرفانی شێخی سیراجەدین کاریگەری لە سەر دادەنێ و دەبێتە یەکێک لە دەیان خولیا و شیفتەی ئەو گەورە پیاوەی تەریقەتی نەقشبەندی و بە پێچەوانەی باب و باپیرانی کە لە سەر ڕێبازی تەریقەتی قادری بوون ڕێبازی نەقشبەندی هەڵدەبژێرێ و لای شێخی سیراجەدین ئادابی تەریقەتەکە فێر دەبێ و دواتر بە دەستووری شێخی سیراجەدین دەنێردرێ بۆ ناوچەی موکریانی کوردستانی ئێران تا لە خوێندنگەی گەورەی تورجان لە خزمەت عەلامەی مەزن و زانای پایەبەرزی ئەو سەردەمە مەلا عەلی قزڵجی درێژە بە خوێندنی بدات و ئەوە دەبێ ساڵی ١٢٤١ یا ١٢٤٢ی هەتاوی بووبێ. ئەو ساڵانە مالیکی تورجان محەمەدەمین بەگی موکری بابامیری کە ئەویش کوڕی ئاغا قۆچ بەگ و نوور نیسا خانم بووە ئەو دوو پایە بەرزە و هەڵبەت زیاتر نوورنیسا خانم بناغەدانەری ئەو فێرگە گەورەیە بوون هەموو خوێندکار و مامۆستای ئەوێیان نان داوە و خزمەتیان کردوون و لە ڕاستیدا نورنیسا خانم یەکێک لەو خاتوونە مەزنانە بووە کە وێنەی لە کوردستاندا زۆر کەم بووە و بەشێکی زۆر لە ماڵ و مڵک و تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە دین و زانست و زانایانی ئایینی تەرخان کردووە و هەر بۆیە تورجان لە کوردستانی ئەو سەردەم دا بۆتە یەکێک لە گەورەترین شوێنەکانی خوێندن و فێرکاریی ئایینی و دەیان و سەدان زانای پایەبەرز لەوێ پێگەیشتوون و بە کوردستاندا بڵاو بوونەوە و پەرەیان بە زانست و ئایین داوە هەڵبەت هۆکاری گرینگیی تورجان بوونی زانای پایەبەرز و گەورە مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی بووە کە بۆ ماوەی نزیک ٤٥ ساڵ لەوێ دەرسی کوتۆتەوە و لە شوێنی دوورونزیکەوە وەک داغستانی شوورەوی و عێراق و سابڵاغ و مەریوانەوە هاتوون لەوێ خوێندوویانە . گەورە مامۆستایانی وەک مەلا عەبدوڵڵا داغستانی (جەوانشیر)، مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب ، مەلا عەبدوڵڵای ولزی ، مەلا حەسەنی ئیبنوقزڵجی ، سەیید حەسەنی چۆڕ و موفتی پێنجوێن کە خۆیان هەر یەک مەکتەبێکی زانستی بوون لە تورجان پێگەیشتوون.

حاجی سەید عەبدولکەریم بە هاتنی بۆ وڵاتی موکریان کاریگەریی زۆری لە سەر پەرە پێدان بە تەریقەتی نەقشبەندی و عیرفان و لە ڕاستیدا پەرە پێدان بە دین و ڕێنوێنی خەڵک بۆ دینداری و خواناسی لەم بەشە لە وڵاتی کوردستان دا بووە . گەورە پیاوانی موکریان زۆر جار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنایان بۆ بردووە ئەویش یا خۆی یا کوڕەکانی (شاحەکیم و حاجی بابەشێخ) چوون و کێشەکانیان داکووژاندووە بۆ وێنە کێشەی نێوان عێزامولمولکی قارەوا گەوری خانەدانی (بوداق) لەگەڵ سەردار حەمەحۆسێن خانی موکری سێهەمین سەرداری بۆکان لە سەر زەوییەک لە گوندی حەسار کە کێشەکە وا گەورە بۆتەوە هەردووک لا چەکدار و هێزێکی زۆر کۆ دەکەنەوە تا هێرش بەرنە سەر لایەنەکەی دی یا شەڕی نێوان بنەماڵەی ئێلخانی لە هۆزی دێبوکری و بەگزادەکانی بەشی فەیزوڵڵابەگی بۆکان بووە کە بە هۆی ڕێزێکی هەردوولایەن لە حاجی سەیید عەبدولکەریمیان گرتووە دەستیان لە شەڕەکە کێشاوەتەوە بە پێی نووسینی بیرەوەرییەکانی عەبدوڵڵا خانی ناهید ئەو شەڕە لە ساڵی ١٣٢٧ی کۆچیدا بووە. (١)

ئەولادانی حاجی سەیید عەبدولکەریم ئەوانەن: شاحەکیم ، حاجی بابە شێخ ، حاجی سەید سەلام ، حاجی سەیدحوسێن، حاجی سەیدحەمەدەمین، سەیزادە مەهتاب هاوسەری مەلا حەمەحەسەنی کوری مەلا عەلی قزلجی ، سەیزادە ئافتاب هاوسەری شێخی حیسامەدین،  سەیزادە خاسان هاوسەری کاکەشێخ برای شێخی حیسامەدین.

سەیزادە مەهتاب کچی گەورەی حاجی سەیدعەبدولکەریم کە بە سەیزادەی بۆکان ناوی دەرکردبوو کەسایەتییەکی گەورە و جێی رێزی هەمەلایەنەی خەڵکی بۆکان بەتایبەت لای بنەماڵەی سەردارەکانی بۆکان و دواتریش بنەماڵەی حاجی ئێلخانی بووە ناوبراو بووکی زانای ئایینی کورد مەلاعەلی قزلجی بووە شارەزای قورعان و حەدیس و زمانی فارسی بووە زۆر جار دەگەڵ حاجی بابەشێخی برای لە سەر شیعر و ئەدەبیاتی فارسی و کوردی وتوویژیان بووە شیعری شاعیرانی فارسی وەک سەعدی و حافزو شاعیری کورد مەولەوی تاوگۆزی زۆر لە بەر بووە . سەیزادە مە هتاب هاوسەری مەلا حەمەحەسەنی کوری مەلا عەلی قزلجی بووە کە مەلا حەمەحەسەن بە مەلای گەورە ناوی دەرکردبوو بە داواکاری سەردار حەمەحوسێن خان لە تورجانەوە هاتووە بۆ بۆکان و تا کۆتایی ژیانی ئیمام جومعەی ئەو شارە بووە هەروەها دەیان خوێندکار و مامۆستاش لای ئەو زانستی ئایینیان خویندووە و لە سالی ١٣٢٧ بە تەمەنی کورتی ٥٣ سالی وەفاتی کردووە. سەیزادە مەهتاب هەروەها دایکی دووگەورەپیاوی بنەماڵەی قزلجی بە ناوەکانی مەلامحەمەد سادق قزلجی ناسراو بە قازی کاکەحەمە و مەلا عەلی قزلجی بووە کە لە وان مەلا عەلی دوای باوکی ئیمام جومعەی شاری بۆکان بووە سەیزادە مەهتاب لە سەر داڕشتنی چوارچێوەی تەربیەتی حاجی بابەشێخ زۆری کاریگەری هەبووە چونکە سەردەمی منداڵی حاجی بابەشێخ لە ژێر دەست و راهێنانی ئەو دابووە سالی ١٣٥٦ی میلادی لە بۆکان کۆچی دوایی کردووە تەرمەکەی بردراوەتەوە زەمبیل و لەوێ لە لای باوکی بە خاک ئەسپێردراوە. لە ئەولادانی دیکەی حاجی سەید عەبدولکەریم حاجی بابەشێخە کە سالی ١٨٨٣ی میلادی لە گوندی جەمیان لە دایک بووە کە نزیک بە گوندەکانی گەردیگلان و زەمبیل هەڵکەوتووە. ناوی سەرەکی خۆی سەیید عەبدرەحمان بووە و دەورەی منداڵی لە گوندی جەمیان تێپەرکردووە بەڵام بۆ خوێندنی قورعان و سەرف و نەحوی عەرەبی و زمانی فارسی چوتە گوندی زەمبیل و لەوێ لە خانەقا و حوجرەی ئەو گوندە کە حاجی سەید عەبولکەریمی باوکی بناغە دانەری بووە خوێندوویە و یەکەمین مامۆستاشی حاجی مەلا ئەبوبەکری شیلاناوێ بووە و تا ماوەیەک لە لای ئەو درێژەی بە خوێندنی سەرەتایی داوە و دوایە بۆ درێژەدان بە خوێندن چوتە گوندی تورجان و لەوێ لە لای مەلا حەمەحەسەنی ناسراو بە ئیبنولقزلجی بەشێک لە زانستە دینیەکان و ئەدەبیاتی عەرەبی دەخوێنێ . بە دوای ئەوەی کە مامۆستاکەی بە داخوازی سەردار حەمەحوسێن خانی موکری دەچێتە بۆکان و دەبێتە ئیمام جومعە و مودەریسی مەدرەسەی سەردار لە بۆکان وادیارە ئەو دەم حاجی بابەشێخ بۆ درێژەدان بە خوێندن چوتە گوندی سەردەراباد کە لە ناوچەی نێوان بۆکان و سابلاغ هەڵکەوتووە و لەوێ لە لای مەلا ساڵحی سەردەرابادی دەرسی مەنتیق و ئاداب و بەلاغە دەخوێنێ بەڵام بۆ خوێندنی ریازی و ئەستێرەناسی و فیقە و ئوسول دێتەوە زەمبیل و لەوێ لە لای مەلا عەبدوڵلای وەلزی درێژە بە خوێندن دەدات دوایە دەچێتە تەوێڵە لە کوردستانی عێراق و لەلای ئەسعەد ئەفەندی مودەریسی فێرگەی خانەقای ئەوێ.  دوایە دەچێتە بیارە لای مەلا عەبدولقادری کانی کەوەیی . حاجی بابەشێخ بۆ ماوەی نزیک دووساڵ لەوێ دەرسی فیقە و حیکمەت و کەلام و تەفسیر دەخوێنێ و ئیجازە نامەی ئیفتا و تەدریس وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە و لە خزمەت شێخی حیسامەدین دا بە ئەمر و بەرنامەی ئەو ئادابی تەریقەی نەقشبەندی کە بریتی بوون لە زیکری قەلبی و سلوک و زیارەت و تەنانەت چلە کێشانیش تێپەڕ دەکاو بەوجۆرە ئیجازەنامەی ئیرشاد و رێنمایی تەریقەی نەقشبەندی لە لایەن شێخی حیسامەدینەوە پێ دەدرێ کە ئەو ئیجازەنامەیە بە پەسەندی شێخ نەجمەدینی بیارەش دەگا .

حاجی بابە شێخ دوای ئەوەی هەردوو ئیجازەنامەی ئایینی و عیرفانی وەدەست دێنێ چالاکی سیاسی دەست پێدەکا و لەگەڵ حیزبی( جەمعییەتی ئیتحادی ئیسلام) ئاشنا دەبێ و شاخەی کوردستانی ئەو حیزبە پێک دێنێ . هەر لەو سەردەمەدا داخلی حیزبی( ئیتحاد و تەرەقی) (٢) عوسمانیەکانیش بووە و بەوجۆرە هەڵسووڕانی سیاسی لە ژیانی حاجی بابەشێخدا جێگای خۆی دەکاتەوە.

حاجی بابەشێخ سالی ١٩٣٨ی میلادی گوندی تورجانی لە حاجی بایزاغای موهتەدی (ئێلخانی زادە) کڕی و بەیەکجاری لە جەمیانەوە کۆچی کردووە بۆ تورجان و ئەوە بووە هۆی ئەوە کە ئەو فێرگە گەورە زانستیە بۆ جارێکی دیکەش پەرە بگرێتەوە

هەڵبەت زەمانی حاجی بایزاغاش هەر رەونەقی بووە و مەلا عەبدوڵڵای وەڵزی لەوێ مەلایەتی کردووەچونکە حاجی بابەشێخ سەرەڕای ئەوە کە خاوەنی گوندەکە و دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو زانای ئاینیش بوو هەر بۆیەش گرینگیەتی تایبەتی بە پەرەپێدانەوەی دووبارەی ئەو خوێندنگایەدا . یەکەم کاری حاجی بابەشێخ ئەوە بوو کە لە زانایانی شارەزا و پسپۆر لە زانستە ئایینیەکان بۆ دەرس کوتنەوە و پێش نوێژی لەو خوێندنگایەدا کەڵکی وەرگرتووە زانایانێک وەک مەلا عەبدولحەمیدی عەبقەڕی و مەلا سەید عەزیزی کوڕی شێخ حەمەسالحی ئامۆزای خۆی ، مەلا عەبدوڵلا محەمەدی ، مەلا حەسەنی ئەدیب و مەلا سەدیقی عەللایی لەو زانایانە بوون کە لە سەردەمی ژیانی حاجی بابەشێخ دا مودەریس و ئیمام جومعەی خوێندنگا و مزگەوتی تورجان بوون و هەریەک زۆر یا کەم خوێندکار و زانای ئایینیان پەروەردە کردووە .(٢)

حاجی بابەشێخ لە کۆکردنەوەی بەرهەمی کشت و کاڵی ئەو گوندانەی کە مەوقوفەی مزگەوتی تورجان بوون زۆر پێداگر بووە هەروەها لە سەر ئەرکی حاجی بابەشێخ بە ژومارەی زۆر کورسی قورئان بە دەستی حاجی وەستا حەمە موراد دارتاشی تورجانی دروست کراوە هۆ کارەکەشی ئەوە بووە بە را و بۆچوونی حاجی بابەشێخ فێرکاریی ئادابی دین و زانستە ئایینیەکان لە تەمەنی کەم دا زۆر باشتر جێگیر دەبێ و کاریگەریی زیاترە و ئەوەش لە دارولعیلمی تورجان بەڕێوە چووە هەر لە رووی ئەو بیرو باوەڕیەوە ئادابی دینی ئیسلام و ئەرکانی ئیمانی بە زمانی کوردی بە شیعر بۆ منداڵان هۆندۆتەوە و ،نداڵان وەک دەرس خوێندوویانە بۆ نموونە ئەو چەند بەیتە لەو عەقیدە کوردییەیە کە حاجی بابەشێخ هۆندوویەتەوە بۆ منداڵان :

روکنی ئیسلامی پێنجن بێ گومان یەکەمیان وتنی شەهادە و ئیمان

نوێژورۆژووە و زەکات ، سەرفیترە پێنجەمین حەجە ئەو لەگەڵ عەمرە

بە کورتی وتم لەبەر منداڵان منداڵەکانی مەدرەسەی تورجان

تۆفیقتان بدا خودای لامەکان دوعای خێر بکەن بۆ عەبدرەحمان

## کێشەی موزەفەرولسولتانی قەرەگوێز

یەکێک لەو کێشانەی کە لە ژیانی ئاسایی حاجی بابەشێخ و بنەماڵەی زەمبیل کاریگەریی بووە و شوێنی داناوە کێشە لەگەڵ عێزەتوڵلاخانی ئەمیر تومان ناسراو بە موزەفەرولسوڵتان بووە. موزەفەرولسوڵتان(٣) خاوەنی گوندی قەرەگویز بووە .

قەرەگوێز لە گوندەکانی گەردیگلان وزەمبیل و جەمیان کە گوندی بنەمالەی حاجی سەید عەبدولکەریمی زەمبیل بوون نزیکە. لە کاتی شەڕی یەکەمی جهانیدا وڵاتی ئێمەش بە داخەوە پێشێلی هێزە داگیرکەرەکانی رووس و عوسمانی بوو بۆیە بنەماڵەی کورەکانی حاجی سەید عەبدولکەریمی زەمبیلیش کە ماوەیەکی کەم لە کۆچی باوکیان تێپەڕ ببوو وەک دەیان بنەماڵەی دیکەی وڵات ناجار بە بەجێ هێشتنی ماڵ و حاڵ و وڵاتی خۆیان بوون. هەر لەو کاتەدا موزەفەرولسولتانی قەرەگوێز بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە بە پشتیوانی هێزەکانی رووس هەڵیکوتایە سەر گوندەکانی ئەو بنەماڵەیە و بۆ ماوەی نزیک بە سێ ساڵ سەرەڕای ئەوەی کە هەموو بەرهەم و دەغڵ و دانی چەند ساڵەی ئەو گوندانەی لە چاڵ و عەمبار هێنابووە دەرێ و رایگوێستبوو تەواوی مەروماڵات و کەل و پەلی ماڵ و بەرهەمی سێ ساڵ کشت و کاڵی کە لە زەوی و زاری ئەو گوندانەی وەدەست هێنابوو دەستی بە سەرداگرت و داگیری کرد ئەوە کورتەیەک بوو لە رووداوەکە هەڵبەت لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە پێناسەیەکی کورت لە موزەفەرولسوڵتان بدەمە دەست :

عێزەتوڵلاخانی ئەمیرتومان ناسراو بە موزەفەرولسوڵتان کوڕی موزەفەرولدەولە و موزەفەرولدەولەش کوڕی فەروخ خان برای عەزیزخانی سەردار کول بووە . عەزیزخان سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران لە دەورەی ناسرەدین شای قاجاردابووە و لە دایک بووی گوندی نستانی لای سەردەشت . دواتر لە ناوچەی مکوریان مڵکی بۆکانی کڕیوە .

عێزەتوڵلاخانی موزەفەرولسوڵتان کە باوکی برازای عەزیزخان بووە هاوسەرەکەی بە ناوی سەکینە سوڵتان خانم کچی عەزیزخان بووە و دەست رۆیشتوو و خاوەن مڵک بووە و قەرەگوێز بەشێکی مڵکی ئەو خاتوونە بووە. ئەو دەستدرێژییەی موزەفەرولسوڵتان بۆ سەر ماڵ و مڵکی حاجی بابەشێخ و براکانی ساڵی ١٩١٥ی میلادی بووە و شەڕی یەکەمی جیهانی لەو وڵاتەش دا دەزانین ساڵەکانی ١٩١٥ و ١٩١٦ی میلادی بووە . ئەوکاتەی رووسەکان لە زستانی ١٩١٥ هێزەکانی عوسمانیان لەو ولاتە پاشەکشە پێکرد ، حاجی بابەشێخ سەرکردەی بەشێک لە هێزەکانی عوسمانی و موجاهیدینی ناوخۆ

بوو به ناچار بنەماڵەی خۆی و براکانی لەم وڵاتە راگوێست و بەرەو عێراق رایپەڕاندن کە کوتوپڕ و لە نکاو بووە و تەنیا توانیویانە ماڵ و منداڵیان راگوێزن. دوو ساڵ دوای ئەو رووداوانە بە هۆی شۆڕشی ئوکتوبری ١٩١٧ لە رووسیە تێزارەکان لە دەسەڵات وەلانران و بۆلشویکەکان هاتنە سەرکار و لە هەموو بەرەکانی شەڕ دەستووری پاشەکشەی سپای رووس درا و بەو هۆیە سپای رووس ئەو وڵاتەشیان بە جیهێشت و ئەو خەلکانەی کە لە خانە و لانەی خۆیان پەڕەوازە و دەربەدەر ببوون وردەوردە گەڕانەوە بنەماڵەی حاجی بابە شێخیش یەک لەوان بوو. کاتی گەڕانەوەیان دەزانن کە هیچ شتێکیان بۆ نەماوەتەوە بۆیە حاجی بابەشێخی تەمەن ٣٦ ساڵە کە پلە و ئەزموونی سیاسی و چەکداری زۆری پشت سەرنابوو و زۆربەیەک لە موجاهیدینی ژێر دەستی خۆی وەک حەسەن عەسکەر و سەیدحەمەسالەی سابڵاغ و عەزیز عەسکەر و.....وێڕای ئەو گەڕابوونەوە ولات و چەکیان بە دەستەوە بوو لە بەرانبەر ئەو هەموو تاڵان و زوڵمە دا بی دەنگ نەبوو و سکاڵای خۆی بۆ دادگای فەرمی حکوومەتی کە لە سابڵاغ بوو دەبا و لە رێگای دادگاوە ملک و ماڵی خۆی دەستینێتەوە.

١، تایەفەیەکی لە جیرانەتی ئێمە نزیک سەدەیەکە پێگەیون و دەکرێ بڵێین تازە بە دەوران گەیشتوون و بە خێرایی هاتوونە سەرێ تایەفەی دێبۆکرین. تایەفەی بەگزادە (بنەماڵەی نووسەر ) کە نزیک چەندین سەدەیە ساحەب ئیختیاری ئەو سەرزمینەین بەو نیسبەتەی دێبوکریەکان دەچوونە سەرێ ئێمە لە کزیمان دەدا ئەوەش دوو هۆی هەبوو . خانەکانی ئێمە کە باسەوادتر و لایقتر لە وانن لە درێژەی ژیاندا تەمبەل و عەییاش و تەوەزەل بار هاتوون بەتایبەت گەنجەکانمان راست ئاوان بەلام دێبوکریەکان کە تازە پێگەیشتوون ئەزقەزا دەستیان گەیشتۆتە ئەملاکێک کە پێشتر لە دەستی خانزادە و بەگزادەکان دابوو و باشترین و بە پیت ترین زەمینەکانی ئەو دەوەرەن. بە بێ ئەوەی بزانن عەییاشی و خۆش گوزەرانی چییە بە دیقەت و حەولێکی زۆرەوە خەریکن ئیدارەی دەکەن و قازانجی زۆری لێدەکەن. ئەو دووهۆیە بۆتە باعیسی ئەوەی لە باری داراییەوە لە ئێمە وەپێش کەون بە هەرحال دەوڵەتی ناوەندی و هەرجومەرج بەستێنەکەی بۆ ئەوان ئامادە کرد کۆنە حیسابێکی مەوهومی کە لە گەڵ بەگزادەکان بوویان لێکی دەرکەن. هەرچەند دۆستیی چەند ساڵە و خزمایەتێکی کە لەو دواییانەدا دەستی پێکردووە و دەبا لێکمان نزیک کاتەوە بەڵام دەستیان کرد بە بەهانە گرتن و بەدرەفتاری. خانەکان و رەئیسەکانی خانەدانی ئێمە بە سەبر و حەوسەلە زۆر ددانیان بە جەرگی خۆیان داگرت بەلام ئەوان چونکە خۆیان سەرکەوتوو و چەکەکانیان تیژتر دی گوێیان بۆ سەبر و تەحەمولی ئێمە شل نەدەکرد و رۆژ دەگەڵ رۆژ گوشار و بێ عەدالەتی و حوکمی بێ جێیان لە ئەملاکی ئامۆزاکانی ئێمە دا کردبووە باو دیسانیش سەبرمان کردبووە پیشە و چاوپۆشیمان لە زۆر شت دەکرد . زۆر باش لە بیرمە رۆژێک لە ماڵی خۆم دەگەڵ دۆستنی خۆم بێ خەیاڵ دانیشتبووین و قسەمان دەکرد سوارێک بە پرتاو هات و هاواری کرد وەخۆکەون دێبوکری هاتوون وچەند ئاوایی یان تالان کردووە ئێمەش بە پەلە سوار بووین و بەغار بەرەو ئەو ئاواییانەی چەند فرسەخێک زیاتر لە ئێمە دوور نەبوون وەرێ کەوتین. ئێمە عەسر بوو ئاگادار کراین و شەوێ گەیشتینێ هەموو شت تەواوببوو. دێبوکریەکان عیدەیەکی زۆریان پێش تر لە هێندێک ئاوایی خۆیان کە نزیک دێهاتی ئێمە بوو کۆ کردبۆوە و بەرە بەیان هێرشیان کردبووە سەر دێهاتی گۆل و تورکمان کەندی ئەزقەزا کوڕەکانی مەرحوومی حاجی سەلیم خان لە یەک لە دێهاتی دەورووبەر میوان دەبن ، خۆیان دەگەیەننە شەڕەکە و دەگەل بیست کەسێک لە ئامۆزاکانی دیکە پێشی چەند سەدکەس سواری دێبوکری دەگرن و شەڕێکی قورس روودەدا و تا نێوەڕۆ هەرچەند بەگزادەکان نە گەیشتبوونێ زیاتر لە سەد کەس پێشی دێبوکرییەکان دەگرن بۆ رۆژی دوایی کە خۆمان بۆ شەڕ ئامادە کردبوو عیدەیەک لە عولەما و روحانییەکان و کۆمەلێک لە مالکینی بێ لایەن وەک حەمەحوسێن خانی سەردار نەوەی سەردار عەزیزخان مالیکی بۆکان و کۆمەڵێکی دیکە گەیشتێ و سولحیان لە نێوان دا بەرقەرار کرد.
ئەو ناکۆکی و کیشانە لەورۆژگارەدا تەنیا تایبەت بە ئێران نەبوو بەلکوو دنیا تووشی قەیرانێکی سەیر ببوو و بەرەو هەڵوەشان دەچوو وڵاتە گەورەکانی ئورووپا ببوونە دوو دەستە و گرێبەستی ١٩٠٧ ی میلادی موتەحیدین و موتەفقینی بەرامبەر بە یەک راگرتبوو . دەوڵەتی عوسمانی کە جوزوی موتەحیدین بوو لە کزی دەوڵەتی ئێران کەڵکی وەرگرتبوو دەستی بە سەر شارەکانی شنۆ و بانە و سەردەشت دا گرتبوو و لە شارەکانی دیکەشدا دەخالەتی دەکرد رەنگە ئەوە بووە هۆی ئەوەی رووسیەی تیزاری قوشوونیان نارده تەورێز و دوایی هەموو ئەوشوێنانەی کوردستانی ئێران کە عوسمانی داگیری کردبوو لە دەست دەوڵەتی عوسمانییان دەرهێنا.

(وەرگیراو لە کتێبی خاطرات من بە قلم عبداله ناهید ) لە فارسییەوە کراوەتە کوردی

تێ بینی : شەڕی فیزوڵڵا بەگی و دێبوکری بە گوێرەی کتێبی (ئاورێک لەموکریان ) نووسینی کاک تایر ئیلخانیزادە ، بەینی مەحمودآغا و فەیزوڵلابگی رووی داوە لە سەر ئەوەی بەگزادەکانی فەیزوڵلابەگی دەستیان بە سەر ئاوایی داشاغڵ دا گرتووە.

(گومبەزی موزەفەرولدەولە) : تەپکێکی بڵیند لە باشووری سەردەرابادە لە سەر ئەو تەپکە قەڵا بووە داڕووخاوە شوێنەوار و وارشی قەڵاکە دیارە لەو سالانەی دوایی دا موزەفەرولدەولە کوڕی فەروخ خان و برازازای عەزیزخانی سەردار ماڵی لە سەردەراباد دەبێ پێش مەرگی وەسیەت دەکا ئەگەر مرد لەو تەپکە بینێژن گۆیا گومبەزیشی لە سەر بووە و پاشان رووخاوە ئێستا هەر بە نێوی گومبەزی موزەفەرولدەولە ناودێرە.

(ئاورێک لە موکریان ) نووسینی کاک تایر ئێلخانیزادە

٢، لە سەر هێندێکی دیکە لە مەدرەسە ئایینیەکانی موکریان

مەرحوومی مەلا عەولای ئەحمەدیی مهابادی کە لە حەمامیان دەرسی خوێندبوو لەو سالانەی دواییدا لە گۆواری مهاباد دا مەقالەیەکی نووسیبوو باسی مەدرەسە دینیەکانی موکریانی کردبوو نووسیبووی : لە عەمبار و وشتەپە و حەمامیان را تادەگاتە شێخلەر ماڵی ئێلخانی لەو دێهاتە مەدرەسەی دینییان هێندە دانابوو وەک دانیشگایەکی گەورەی رۆژگار دەژمێردرا لە وشتەپە عەلیاغا مەلا حەمەدەمینی کوڕی حاجی مەلای دانابوو مەدرەسەی بۆ کردبۆوە دەرسی دەکوت لە شێخلەر مامۆستا مەلا شێخ حەسەنی شێخی مودەریس بوو دەرسی دەکوت حاجی بایزاغا مەدرەسەی بۆ دانابوو. لە حەمامیان مامۆستا مەلا عەلی دەرسی دەکوتەوە گەورەترین مەدرەسەی عیلمی و شەرعیی کوردستان بوو پێش مامۆستا مەلا عەلی مەلا سدیق سدقی مودەریسی مەدرەسەی حەمامیان بووە مەلا سدیق زۆر زانا و هونەرمەند بووە شاعیرێکی باشیش بووە مەلا سدیق لە پاشان ماڵی رۆیشتە مهاباد دوو کوڕی زۆر زانا و خوێندەواری لە پاش بە جێ مان مەحموود سیدقی چەندساڵ رەئیسی فەرهەنگی بۆکان بوو هەروەها کوڕەکەی دیکەشی مەلا محەمەد زۆر زاناو خزمەتگوزاری دەرس و مودرەسە بوو. پاش وەفاتی حەمەحوسێن خانی سەردار عیسمەت خانمی ژنی مێردی بەو مەلا سەدیقە کردبوو . ئەو شەوەی قازی محەمەدیان لە دار داوە

نیوە شەوێ سەباز چوونە ماڵی مەلا سدیق هێناویانە مەڕاسمی مەزهەبی بە قازی ئیجرا بکا وەکوو وەسیەت و نوێژ و ئەوانە . مەلا سدیق گێڕابوویەوە کەتبووی نیوە شەوێ لە خەویان هەستاندم ترسام وەمزانی دەمگرن کوتیان قازی محەمەد ئیعدام دەکرێ تۆ دەبێ تەرتیباتی شەرعی جێ بە جێ بکەی کوتبووی زۆر پاڕامەوە کوتم بۆ خاتری خودا من مەبەن قازی شاگردی من بووە دەرسم پێ کوتووە زۆرم خۆش دەوێ با لەو وەختەدا من لەوێ نەبم سەرباز کوتیان بە ئێمە نییە دەستوورە دەبێ بتبەین پێم چەقاند کوتم نایەم بە قۆناغە تفەنگان لێیان دام وەپێش خۆیان دام.

(ئاورێک لە موکریان)نووسینی کاک تایری ئێلخانیزادە

٣، کومیتەی ئیتحاد و تەرەقی هەرچەند بە رێکخراوێکی ترکی دەناسرێ بەڵام جونکوو رێخراوەیەکی پێشکەوتووخواز و رۆشنبیری بووە و مەبەستی سەرەکیی کەم کردنەوەی دەسەلاتی سوڵتانی عوسمانی و لایەنگری شێوازی مەشرووتە خوازی بۆ ئیمپراتوریی عوسمانی بووە هەر بۆیە کوردە رۆشنبیرەکان و بنەماڵە گەورەکانی کورد لە کوردستانی باکوور پشتیوانییان لێکردووە . لێرەدا کورتەیەک لە رۆڵ و دەوری کوردەکان لە پێکهێنان و بەڕێوە بردنی ئەو حیزبە پێشکەش بە خوێنەران دەکرێ . یەکەمین دژایەتی (بەرەنگار بوونەوەی رێکخراوەیی) کە لە ساڵی ١٨٨٩ ی میلادی دژی سوڵتانی عوسمانی سەری هەڵدا کوردەکان هاوکاری بەرجاویان بوو . چوار خوێندکاری پزشکیی ئەرتەشکە دوانیان کورد بوون هەستەی ناوەندیی یەکیەتییەکی نهێنی دوازدەکەسییان پێک هینا کە دواتر بە کومیتەی ئیتحاد و تەرەقی ناوی دەرکرد ئەو دوو کوردەی باس کران عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سکووتی بوون ئەو دووە عاڵقەیەکیان لە پەیوەندی نیوان رێبازی پێشکەوتن خوازی

ڕۆشنبیرانی کورد و تێپەڕ بوون لە فکر و ئەندیسەی چاکسازی ئیمپراتووری عوسمانییەوە بۆ بیرۆکەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پێک هێنا بە دوای ئەوان شێخ عەبدولقادری نەهری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا پەیوەندی دەگەڵ ئیتحاد و تەرەقی بەستبوو کە ئەوەش کاتێک دەرکەوت کە لە ساڵی ١٨٩٦ دا پیلانی سەرنخونی سوڵتان عەبدولحەمید لە لایەن حکومەتەوە پووچەڵ کرایەوە و شیخ عەبدولقادریش بەو بۆنەوە لەگەڵ هێندێک لە ئەندامانی ئیتحاد و تەرەقی دەستگیرکران و دوای ماوەیەک ئازاد کران.

لە بنەماڵەی گەورەی بەدرخانیەکانیش کەسانێک وەک مەدحەت بەدرخان ، عەبدورەحمان بەدرخان پریوەندییان دەگەڵ ئیتحاد و تەرەقی بووە مەدحەت بەدرخان سالی ١٨٩٨لە قاهیرە بە چاپ کردنی گۆواری کوردستان هەم پشتیوانیی خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کومیتەی ئیتحاد و تەرەقی دەردەبڕێ و هەم لە سەر مافی گەلی کورد لە گۆوارەکەدا وتاری بڵاو دەبۆوە. عەبدورەحمان بەدرخان برای مەدحەت بەدرخان و ئەمین عالی بەدرخان کە لایەنگری توندی ئیتحاد و تەرەقی بوو دواتر لە لەندەن سەرنووسەریی هەمان گۆواری لە ئەستۆ دابوو ساڵی ١٩٢٠وێڕای کوڕێکی نێوداری دی بە ناوی حیکمەت بابان لە کونگرەی ئیتحاد و تەرەقی ئەمجارە بە ناوی( تورکان جوان آزادیخواه ) لە پاریس بەشدارییان کرد کە لەو کۆنگرەیەدا دابڕینێکی قووڵ لە نیوان نەتەوە خوازەکانی تورک لەگەڵ میانەرەوەکاندا ڕووی دا کە لەوەدا میانەرەوەکان کە کوردەکانیشیان لەگەڵ بوو لایەنگری سەلماندنی مافی ئینسانی بۆ کۆمەڵگای ئەرمەنیی نێو ئیمپراتووریی عوسمانی بوون.

(سەرچاوە :تاریخ معاصر کرد دیوید مک داوڵ ترجمە ابراهیم یونسی)
بە نەقڵ لە کتێبی حاجی بابەشێخی سەیادەت
لە کتێبی ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سەیادەت دا